تیکۆشان، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

# ئەرکی ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگای دێموکرات دا



ڕێبوار حوسێنی

وەك دەزانین هەموو دەوڵەت و دەسەڵاتەکان، چ گەورە و چ چووك، لە گشت سیستمە ڕامیاریەکاندا هەوڵ دەدەن کە سەرنجی خەڵك بۆلای سیستم و دەسەڵاتی خۆیان ڕاکێشن و جەماوەری خەڵك پشتیوانیان لێبکەن و بۆچوون و بەرنامەکانیان قەبوڵ کەن. بۆ ئەم کارەش کەرەستەو ئامرازێك پێویستە. کە بەرچاوترینی ئەو ئامرازانە، کەرەستە و ئامرازی پێوەندیە گشتیەکان واتە ڕاگەیاندنە، کەوابوو تەنیا ڕێگای دەست ڕاگەیشتن بە کۆمەڵانی هەراوی خەڵك، ڕاگەیاندنە وەك(ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن). ڕاگەیاندن لە ژیانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دا دەوری سەرەکی و بەرچاو دەگێڕێ. دەوڵەت و دەسەڵات سیاسەت و کارو هەڵسوڕان و چۆنیەتی بەڕێوە بردنی وڵات، لە ڕێگای ڕاگەیاندنەوە دەگەێننە خەڵك و دنیای دەرەوە. لە نیزام و دەسەڵاتە دیکتاتۆر و دژی گەلیەکاندا، ڕاگەیاندن، هەموو ئاکارو کردارێکی لە ژێر کۆنترۆڵ و چاوەدێری دەسەڵات دایە و دەوڵەت لە ڕێگای ڕاگەیاندنەوە بیرو بۆ چوونە نارەوا و دژی مرۆڤـ و دوور لە ڕاستیەکانی خۆی، دەگوێزێتەوە بۆ ناو خەڵك و بەم هۆیەوە تۆوی ترس و تۆقاندن، دەچێنێ و کارێك دەکا کە کەس باوەڕی بە ڕاگەیاندن نەبێ و بەهی خۆی و بۆ خۆیی نەزانێ. ڕۆژنامەوان و نوسەر و ڕوناکبیران و هەر ئۆرگان و ناوەندێکی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری کە دژ بە بەرنامەو بەرژەوەندی و هەڵس و کوتی دەسەڵاتی ستەمگەر، هەڵس و کەوت بکا و دژ کردەوە بنوێنێ، دادەخرێن و مۆڵەتی کارو چالاکیان پێ نادرێ و بەڕێوەبەر و هەڵسوڕێنەرانیان دەست بەسەر و شوێنە وون دەکرێن. وەك چۆن لە ئێرانی وێرانی دەستی ئاخوندی عابا لەبەری مەندیل ڕەش لەسەری لە ویژدان دین بێ خەبەری ئەمڕۆدا، ڕۆژنی یە قەڵەم نەشکێن و خاوەن قەڵەم و ڕووناکبیر و چالاکی مەدەنی و ژیانی ئازاد، بە بیانووی جۆراو جۆر نەگیرێن و ناوەند و ڕۆژنامەکانیان دانەخرێن و بۆ خۆشیان تووشی کارەساتی دوور لە هەڵس و کەوتی مرۆڤایەتی نەبنەوە!!!

بەڵام ئەوەی کە لێرەدا جێگای باسی ئێمەیە ئەوەیە کە، لە سیستەمە دیمکراتەکاندا، ڕاگەیاندن ئەرکێکی گرینگتری لە سەرشانە لەوەی کە کەرەستەیێکی تایبەت بۆ پڕوپاگەندە و پەرەپێدانی دەسەڵاتی دەوڵەت و دەسەڵات بێ. !! لە سیستەمە دێمکراتەکاندا، ئەرکی ڕاگەیاندن ئەوەیە کە هەر کردەوە و هەڵس و کەوتێکی دەوڵەت و دەسەڵات بخاتە ژێر چاوەدێری و بە بێ سڵ کردن لە دەسەڵات، کاری خۆی بکات کە زانیاری و ئاگاداری گەیاندنە بە خەڵك و دابینکردنی سەکۆ و تریبوونی ئازادە بۆ باسە سیاسی و کێشە کۆمەڵایەتی و ئابوری و زانستیەکان و، هەوڵ دان بۆ دروست کردنی مەجال و دەرفەتێك بۆ گەیاندنی دەنگ و خواستی جەماوەر بە بیرو ڕای گشتی و گوشار خستنە سەر دەوڵەت و دەسەلات. ئەوەی کە جێگای سەرنجە و دەبێ لە بەرچاو بگیرێ ئەوەیە کە، مێدیا واتە ڕاگەیاندن، ئەو کاتە دەتوانێ ئەرکی خۆی بە شێوەیێکی تەواو ودیموکراسیانە بەڕێوەبەرێ، کە بە تەواوی سەربەخۆبی و لە دەسەڵاتی دەسەڵاتدار و بەرژەوەندی تاقم و تاك، بە دوور بێ. چونکە ئەگەر وانە بێ دەسەڵاتی دەسەڵاتدار جا چ دەوڵەت یان هەر ناوەند و ڕێکخراوێکی تر، بەسەر ئەوبەشە لە ڕاگەیاندن کە بەدەرماڵەو خەرجی دەسەلات و دەوڵەت بەڕێوە دەچێ، وای لێبکا کە لە بەرانبەر دەستە و تاقمێکی بێ لایەن یان نوێنەری چین و توێژێکی جیاوازی جەماوەر، هەڵوێست بگرن و ڕێگای دروست بوونی مل ملانێ لەگەڵ میدیا و ڕاگەێنە تایبەتیە سەربەخۆکان، بەر تەسك وەکەن. دەسەڵاتی پاراستنی بەرژەوەندی تایبەت بەسەر ڕاگەیاندن دا دەکرێ بە بەرتەنگ کردنەوەی مافی ئیمتیاز و بەکارهێنانی قەول و قەراراتی تر، بەری پێ بگیرێ. بەڵام هیچکام لەم هەنگاوانە دەوری بێلایەن و کاریگەری ڕاگەیاندنی لەهەمبەر دیمکراسی دا دەستەبەر ناکەن. بەڵکو ئەوە سەربەخۆیی و ژیری چینی ڕووناکبیرو ڕۆژنامەگەری و، لێهاتویی و ڕاستبێژی و ئازادیخوازی سەرنووسەر و بەڕێوەبەری بڵاوکراوە و ڕگەێنەکانە، بۆ بردنە پێشی ئەو ڕەوتە و پەرەپێدانی. کاریگەری ڕاگەیاندن لەسەر دەسەڵات و بردنە سەری پلەی زانیاری خەڵك و هاندانیان بۆ خەبات و تێکۆشان لە دژی پێشێل کاری و ئازادی کوژی و خواست و داوا بەهێند نەگرتن لەلایەن دەسەڵاتەوە، ئەرکی سەرەکی مێدیایە. ڕاگەێنەکان بێجگە لە گواستنەوەی زانیاری و هەواڵ لە کاناڵ و ڕێگە غەیرە دەوڵەتیەکانەوە، دەبێ کەش وهەوای پێك هێنانی سەکۆ و میمبەری ئازادیش بۆ باس و خواس و ووت وێژی گشتی ئامادە بکەن. بەشێوەیێك کە بەرپرس و کەسایەتی و کاربەدەستانی دەوڵەتی و دەسەڵاتدار، لەو سەکۆو میمبەرەوە وەڵامدەری ویست و داخوازیەکانی خەڵك بن و لەم ڕێگاوە، جەماوەر بە هەموو چین و توێژەکانیەوە وەڵامی دڵخوازی خۆیان دەست کەوێ و بە چارەسەری کێشە و داواکانیان بگەن . ڕاگەیاندن پارێزەری بەرژەوەندی گشتین، هەر بۆیە دەبێ زۆر ڕاستگۆیانە و وەك ئامرازێکی سەربەخۆ و نەبەستراوە بە دەسەلاتەوە کاربکەن. لەو کاتەدا کە نابێ بچنە ناو ژیانی تایبەتی خەڵك و دەستی تێوەردەن، لەسەریانە ئاگاداری تەواو بەشێوە و شێوازێکی هەمەلایەنە لە پێناو بەرژەوەندی گشتی بخەنە بەر دەست و دیدەی خەڵك و خەڵکیش مافی ئەوەیان هەبێ کە بەبێ کێشەو لەمپەر و کۆسپ، دەستیان بەوان ڕابگات. ئەگەر وانەبێ ناتوانن ڕۆڵی بەرچاو و سەرەکی خۆیان کە پارێزەری لە بەرژەوەندی گشتی یە، بگێڕن و ئەرکی خۆیان بەجێ بێنن. چونکە کاکڵە و جەوهەری دێموکراسی ئەوەیە کە هەر هاووڵاتییێك مافی ئەوەی هەیە بە شێوەی ئازاد بیرو بۆچوونی خۆی بە خەڵکی تر بگەێنێ و ئاشکرای کاو مافی پەرەپێدان و بەرەو پێش بردنی ئەو بیرو ڕایەی هەبێ. کەوابوو دەکرێ بڵێین کە ئازادی ڕادەربڕین یەکێك لە مافە سەرەتاییە بی ً ئەم لاو ئەولاکانی مرۆڤەو هیچ باس و خواسێکی دیکە هەڵناگرێ چونکە پێوانە نێونەتەوەییەکان و جاڕنامەی مافی مرۆڤـ سەبارەت بە ئازادی بیروڕا، نەك هەر لەسەر بیری ئازاد و مافی ئازادی دەربڕینی پێ دادەگرن، بەڵکو دەست نیشانی ئەوەشیان کردوە کە،، تاك،، مافی گەڕان و دەست پێڕاگەیشتنی بە هەموو جۆرە زانیارییێکی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابوری و هتد، لە ڕێگای ڕاگەێنەکانەوە هەیە بە بێ لەبەر چاوگرتنی سنوور دانان و کۆسپ و لەمپەر خستنە سەرڕێی. لە کۆمەڵگای ئازاد و دێموکرات دا ئەم باسە بەو مانایەیە کە ڕاگەینە گشتیەکان دەبێ سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن و لە چوار چێوەی دەستورێك کە بۆ پاراستنی ئابڕو ئاسایشی تاکەکان و کۆمەڵ، دیاری کراوە، کاربکەن و ڕەخنە و گازەندەی خەڵك لە دەوڵەت و دەسەڵات بگەێننە ڕای گشتی و لە پێناو گەیشتن بە ئازادی و دەست ڕاگەیشتن بە زانیاری، کە کراوەیی و شەفافیەتی دەوڵەت و دەسەڵات لە کۆمەڵگای دێموکراتیك دا بەهێز دەکا، هەنگاو بنێن. دەبێ خەڵکی هان بدەن بۆ کۆڕ و کۆبوونەوەی ئازاد. چونکە بەبێ دەستەبەر کردنی ئازادی خەڵك بۆ پێکهێنانی کۆڕو کۆمەڵ و کۆبوونەوە و گۆڕینەوەی بیروڕا و پێکهێنانی کۆمەڵ و یەکێتی پیشەیی و شتی لەم بابەتە و پێك هێنانی حیزب و ڕێکخراوی سیاسی و بەشداری کردن لەوان دا و مافی بەڕێوەبردنی جەماوەر لە ڕێپێوان و ناڕەزایەتی دەربڕین و پێڕاگەیشتن بە خواستەکانیان، دێموکراسی ناتوانێ لە کۆمەڵگادا دەوری خۆی بگێڕێ. هەربۆیە دەتوانین بڵێن کە دەسەڵاتی ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگای دێموکرات دا دەورێکی بەهێزو بەرچاو و پۆزەتیڤی هەیە.

ڕێبوار حسینی سوئێد

# ڕژیمی ئاخوندی لەبەدەست هێنانی چەکی پێش کەوتوو بەپەلەیە

سیامەند





وەك دەبیندرێ دەسەڵاتدارانی ڕژیمی ئاخوندی، هەر ڕۆژە، نەوعێك چەکی پێش کەوتوو تاقی دەکەنەوەو ڕادەگەێنن بە تواناو هێزی ناوخۆیی ئەو چەکانە بەرهەم هێنراون.

ئەوەی ئاخۆ ئەو چەکانە لەڕاستیدا لەلایەن ڕژیمەوە بەرهەم هێنراون، یان لایەن و دەوڵەتی خارجی لەبەرهەم هێنانیان هاوکاری ڕژیمیان کردوە، شتێك لەمەسەلەکە و مەوزوعە ئەسلیەکە و باسی ئێمە ناگۆڕێ. ڕۆژی شەممە ٣١ی خەرمانان و بەبوونەی حەوتووی دیفاعی موقەدەس، ١٥٠نەوع چەك و مووشەکی جۆراوجۆر و فرۆکە نمایش کران، کەبەپێ ی گوتەی دەسەڵاتداران ڕژیم مووشەکێکی نوێ بەناوی، (قەدری ـ یەك) بە بوردی١٨٠٠ کیلومیتر کە دەتوانێ ئیسرائیل و بەشێك لە ئوروپا بەباشی بپێکێ، نمایش کرا هەروەها چەند ڕۆژ پێش، دوو فرۆکەی سەربازی بەناوی (صاعقە) نمایش کران. پرسیار ئەوەیە و مەبەست لە تاقی کردنەوەی چەك و تەقەمەنی سەربازی لەلایەن ڕژیمی ئاخوندی بەچ مانابیکە؟ ئایا ئەو ڕژیمە لەوتاقی کردنەوانە، لایەنی دیفاعی لا مەبەستە، یا ئەوەی کە لەگەڵ هەڕەشەکانیان ڕادەگەێنن هێزی یەکەم لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدان. ئەو پروپاگەندانەی دەسەڵاتدارانی ڕژیمی ئاخوندی لەسەر چالاکیە سەربازیەکانیان بڵاوی دەکەنەوە و هەوڵ بۆ پەرەپێ دانی چەکی کۆمەڵ کوژو پێش کەوتوو، دەدەدن جیاواز لەوەی کە گەرەکیانە خۆیان بەیەکەم هێزی نیزامی لە ناوچەکەدا بنوێنن، مەبەستی دیکەیان، بردنەسەری توانای هێرش بردنە بۆسەر وەڵاتان. زۆرجار بەرپرسانی ڕژیم بە ئاشکرا ڕایانگەیاندوە دژی بوونی هێزی خارجی لە ناوچەکەدان و ناڕاستەوخۆ هەڕەشەیان لەو دە وڵاتانە کردوە کە ڕێگەیان داوە، هێزی بێگانە لە وەڵاتەکەیان جێگربێ. دیارە بە ڕاشکاوی ڕایانگەیاندوە دەبێ ئیسرائیل لەناوبچێ و شتێك بەناوی دەوڵەتی یەهوود لەسەر گردەزەوی نەمێنێ. بەوپێ یە ئەگەر ڕژیم یەکێك لە مەبەستەکانی لەپەرەپێدانی چەکی پێش کەوتوو بۆ دیفاع و پارێزگاری لە دەسەڵاتەکەی بێ، لەهەمان کاتدا، بەلانی زیاترەوە مەبەستیی بەهێزتری بۆ هێرش بردنە سەر وەڵاتان وەك خۆی ڕادەگەێنێ دژمنە. فەرماندەکانی هێزی سەربازی بە ڕاشکاوی هەڕەشەیان لە هاوپەیمانانی ئەمریکا کردوەو ڕایانگەیاندوە کە، هەر هێرشێك بکرێتە سەر ئێران ڕژیم هێرش دەکاتە سەر وەڵاتانی هاوپەیمان و دۆستی ئەمریکا. دەردەکەوێ، دەسەڵاتدارانی ڕژیم زۆر هەوڵی بۆ دەدەن بردنە سەری توانای نیزامیانەو بەو مەبەستەش بە بەردەوامی خەریکی تاقی کردنەوەی چەکی جۆراوجۆرن. کە تاقی کردنەوەی مووشەکەکان و فرۆکە جەنگیەکان ئەوەندە جێگەی مەترسی نین. ئەوەی کە زۆر جێگەی مەترسیە، هەوڵەکانی دەسەڵاتدارانی ڕژیم بۆ پەرەپێ دانی گەڵاڵە ئەتۆمیەکانیانە، ئەو گەڵاڵانەی کەبێ ئەمەلاو ئەولاو سەرئەنجام بۆ دەست کەوتنی بۆمبی ئەتۆمیە. بەرەوپێش چوونی ڕژیم لەبەرهەم هێنانی چەك و چۆڵی پێش کەوتووی سەربازی ئەو ڕاستیانە دەردەخەن، کە ئەگەر کۆمەڵگەی جیهانی زوو چارەسەرییك نەدۆزنەوە، ڕۆژێك دێ کە ئاخوندەکان هەواڵی سەرکەوتوانەی تاقی کردنەوەی بۆمبی ئەتۆمی ڕادەگەێنن. جێگەی مەترسی ئەوەیە کە تائێستا کۆمەڵگەی جهانی لەسەر کارو بڕیارێکی هاوبەش لە بەرانبەر چالاکیە ئەتۆمیەکانی ڕژیم ری نەکەوتوون، هەرچەندە ئەنجومونی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتوەکان دوو بڕیارنامەی ئابلوقەدانی لە دژی ڕژیم پەسەندکردوە، بەڵام، دەرکەوتوە ئەو ئابلوقانە کاریگەری ئەوتۆی لەسەر ڕژیم نەبوە کە ئەگەر ئابلوقەی نوێ و توندتر لەدژی ڕژیم پەسەند بکرێ وێ دەچێ نەبێتەهۆی دەست هەڵ گرتنی دەسەڵاتدارانی ئێران لە گەڵاڵە ناوکەییەکانیان.

هەروەك لە تازەترین هەاڵوێستی ئەحمەدی نژاد سەرەك کۆماری ڕژیم دەرکەوتوە. ڕژیمی ئێران بەهیچ شێوەییك دەست لە پاڵاوتەکردنی ئۆرانیۆم و پەرەپێ دانی گەڵاڵە ئەتۆمیەکان هەڵ ناگرێ. ئاشکرایە دەسەڵاتدارانی ڕژیم کەڵکیان لە جیاوازی هەڵوێستەکانی کۆمەڵگەی جیهانی لەحاست خۆیان وەرگرتوە و توانیویانە، هەڵویستەکانی چین و ڕوسیە کە دژایەتی بڕیاری توندتر لەبەرانبەر ڕژیمی ئێران، بقۆزنەوە بۆ بەرەوپێش بردنی، بەرنامە مەترسیدارە ئەتۆمیەکانیان. ئەو لێك بڵاوی کۆمەڵگەی جیهانی وای کردوە، دەسەڵاتدارانی ڕژیم بە ڕاشکاوی ڕایگەێنن هەنگاوێك لەبەرنامە ئەتۆمیەکانیان ناچنە دواوە. دیارە ئەگەر وەزع وا بڕوا ڕۆژێك دەبێ شاهیدی تاقی کردنەوەی یەکەم بۆمبی ئەتۆمی لەلایەن ڕژیمی سەرەڕۆی ئاخوندی بین و ئەمجار شاهیدی ئاڵۆزبوونی زیاتری جیهان و ناوچەکە و مەترسی جەنگی ماڵوێرانکەربین.